**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**ژمارە: ٥٣٧ لە ٢٠٢٥/١/٢٢**

پاڵپشت بە بڕگەی (٤) لە ماددەی (٢) وە بڕگەی (٢) لە ماددەی (٣)، وە ماددەی (٨) لە یاسای سەرپەرشتیارانی پڕۆژەکانی کشتوکاڵی لە کەرتی تایبەت ژمارە (٢٠)ی ساڵی ٢٠٢١ لە هەرێمی کوردستان - عێراق بڕیارماندا بە هەمواری ئەم ڕێنماییە بەم شێوەیەی خوارەوە:

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٥**

**هەمواری ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە جێبەجێ کردنی یاسای سەرپەرشتیارانی پڕۆژەکانی کشتوکاڵی لە کەرتی تایبەت ژمارە (٢٠)ی ساڵی ٢٠٢١ لە هەرێمی کوردستان - عێراق**

**ماددەی(١):**

**یەکەم: ماددەی چوارەم بڕگەی دووەم هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەنوسرێتەوە:**

کلێشە و ڕێکارسازیەکانی گرێبەستی نێوان خاوەن پڕۆژە و سەرپەرشتیار لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان لە وەزارەت ئامادە دەکرێت وە ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار دەکرێت کەماف و ئەرکی هەردوو لا بەرجەستە کراوە تێیدا، وە ماوەی گرێبەستەکە بەپێی ماوەی مۆڵەتی جۆری پڕۆژەکە دەبێت هەروەک لە ڕێنمایی پێدانی مۆڵەتی پڕۆژەکان هاتووە.

**دووەم: ماددەی هەشتەم بڕگەی (ب) خاڵی (١٢) هەموار دەکرێت بەم شێوەیە:**

**ب-** پڕۆژەی کارگەکانی پیشەسازی خۆراك:

| ژ | کارگەکانی پیشەسازی خۆراك | ژمارەی سەرپەرشتیاری پێویست بەپێی پسپۆری |
|---|---|---|
| ١٢ | کۆگای ساردکەرەوە و ووشکە تاکو (٥) کۆگا / لە چەند ناوچەیەکی جیاواز.<br>وە بۆ (١٠) کۆگا لە هەمان ناوچە. | لایەنی کەم یەك سەرپەرشتیاری دەبێت |

**سێیەم: ماددەی هەشتەم بڕگەی (و) یەکەم و سێیەم هەموار دەکرێت بەم شێوەیە:**

**و-** نوسینگە و کۆمپانیاکانی کشتوکاڵی:

| ژ | ناوەکان | جۆرەکەی | ژمارەی سەرپەرشتیاری پێویست بەپێی پسپۆری |
|---|---|---|---|
| ١ | نووسینگەی کشتوکاڵی | فرۆشتنی پەین و قڕکەر و کەرەستەی کشتوکاڵی | لایەنی کەم یەك سەرپەرشتیاری دەبێت. |
| ٣ | کۆمپانیای کشتوکاڵی | بەپێی پسپۆری | لایەنی کەم یەك سەرپەرشتیاری دەبێت. |

**ماددەی (٢):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**بێگەرد تاڵەبانی**

**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**